ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق

# خستنەڕووێکی گشتی ئاوارەبوون لە عێراق

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ٥, ٢٠٢٠



DTM
IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پابەندە بە بنەمای کۆچکردنێکی مرۆڤانە و ڕێکخراو کە سودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگە هەیە. وەک ڕێکخراوێکی حکومی نێودەڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ هاوبەشانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بۆ: یارمەتیدانی چارەسەرکردنی ئالنگاریەکانی کۆچکردن، باشتر تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی کۆچبەری، هاندانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەڕێگەی کۆچبەریەوە و پاراستنی شکۆی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆچبەران دەکات.

ئەو دیدو بۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە تەنیا بۆ خودی نووسەرەکان دەگەڕێتەوە و لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نین. زانیاریەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن.

. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەوڵدادەت  کە ئەوەندەی بکرێت ئەو زانیاریانە بە دروستی بپارێزێت، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش بۆ تەواوەتی و وورد و دروستی و گونجاویەتی ئەو زانیاریانەی نێو ئەم ڕاپۆرتە ناکات- بەدەربڕین بێت یان بە ڕاگەیاندن بێت.

ناونیشان: کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢), ناوچەی نێودەوڵەتی, بەغداد/عێراق

ئیمێل: iomiraq@iom.int

ماڵپەڕ: iraq.iom.int

نەخشە و دیزاینەری ڕاپۆرت We2 – www.we2.co

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

هەموو مافەکان پارێزراون. نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت, یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن,  بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.

# ناوەڕۆک


ڕەوش/دۆخ ٤

خستنەڕووی گشتی ڕێبازی راپۆرتەکە ٤

پێناسەکان ٥

گواستنەوە و جوڵەی ئاوارەکان ٧

دۆخ و گوزەرانی ناوچەکانی ئاوارەبوون ١٠

بارودۆخی ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان ١١

کۆتایی ٢٠

پاشکۆکان ٢١

# ڕەوش/دۆخ

## لەوەتەی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ەوە, جەنگی دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بووەتە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لە ٦ ملیۆن عێراقی, کە دەکاتە ڕێژەی ١٥٪ ی دانیشتوان.[١]

کۆمەڵگەی ئاوارەکان بەشێوەی شەپۆڵ دەستیان بەگەڕانەوە کرد لە مانگی ئازاری ٢٠١٥ دا. ئەمەش دوای ئەو هەڵمەتە سەربازیانەی بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆلی دەوڵەتی ئسیلامی لە عێراق و شام (داعش) دابوون, ئەمەش بووە هۆی پێشبینی گێڕانەوەی سەقامیگری بۆ ئەو ناوچانە. ئەم گەڕانەوەیش لە نێوان مانگی حوزەیرانی ٢٠١٧ بۆ هەمان مانگی ساڵی ٢٠١٨ گەیشتە لوتکە, کەتیایدا نزیکەی ٤ ملیۆن کەس بۆ زێدی خۆیان گەڕانەوە. لەوکاتەوە, هەنگاوەکانی گەڕانەوە (ڕێژە سەدیەکان دەگۆڕێن بە پێی ژمارەی گەڕانەوەکان) هێواش بووەتەوە بۆ نزیکەی لەسەدا ١٠ ی ئاوارەکان ساڵانە. واتە, نزیکەی یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار کەس تا ئێستا ئاوارەن. درێژەکێشانی نەبوونی ماڵ هاوکاتە لەگەڵ جموجۆلی نێوان گروپەکان و نیگەرانیەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش و کاریکردووەتە سەر توانای ئاوارەکان بۆ گەڕانەوە, تەنانەت لە هەندێک باریشدا بووەتە هۆی ئاوارەبوونی نوێ. لەگەڵ هاتنی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٢٠, چەندان خێزانی دیکەی نوێ ڕووبەڕووی ئاوارەبوونی یەکەمجاری یان تەنانەت دووەمجاریش بوونەوە. هەروەها گەڕانەی سەرنەکەوتووش بە نزیکەی لەسەدا ١٠ لە شوێنەکانی ئاوارەکانی ناوخۆ تۆمارکرا. تاوەکو ئەمڕۆ نزیکەی ٤,٧٤٥,٠٠٠ گەڕانەوە تۆمارکراوە لە ٢,٠٧٠ شوێنی عێراق دا. گەڕانەوە لەدەرەوە لە وڵاتانی دراوسێی وەکو تورکیا و سوریا و وڵاتانی دیکەی یەکێتی ئەوروپاش ڕوو لە زیاد بوونە و لە ٣٣٤ شوین تۆمارکراوە, کە تا ساتی کۆکردنەوەی ئەم داتایە دەکاتە ڕێژەی لەسەدا ١٢ شوێنەکان.

# خستنەڕووی گشتی ڕێبازی ڕاپۆرتەکە

## هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو زانیاری وورد لەسەر خێزانە ئاوارەکان و ئەو خێزانە گەڕاوانەی لە شوێنە دەستنیشانکراوەکان دەژین کۆدەکاتەوە لەڕێگەی لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM).[٢]

یەکەی ئاماژەدان بە هەڵسەنگاندن بە شوێنێک پێناسە دەکرێت کە ناوچەیەکە هاوتایە و یەکسانە بە گوندێک لە ناوچەیەکی لادێیی یان درواسێ و نزیکی ناوچەیەکی شارییە. بەمانایەکی دیکە, چوارەم دابەشکردنی فەرمی ئیداری و کارگێرییە.[٣] ساڵی جارێک زانیاری لەلایەن تیمەکانی هەڵسەنگاندن و بەدەمەوە هاتنی خێرای ڕێکخراوی نێودەولەتی کۆچەوە کۆدەکرێتەوە, ئەمەش لەڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی زانیاریپێدەری سەرەکی و سەرنجدانی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی گروپ و کۆمەڵەکان. کە ئەمەش لە شوێنی ژیانی زۆربەی ئاوارەکان و گەڕاوەکانە, نەک لەسەر ئاستی تاک بە تاک و یەک بە یەکی خێزانەکان. ئەو زانیاریانەی کە بەشێوەیەکی ڕۆتینیانە کۆدەکرێتەوە, دابەشبوونی جوگرافی, تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی ئاوارەکانی ناوخۆ, گەڕاوەکان, هاتوچۆ و خواست و ویستەکانی داهاتوو دەگرێتەوە. هەروەها بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە, هۆیەکانی مانەوەیان یان گەڕانەوەیان, بارو گوزەرانی ژیانیان, پێداویستیە سەرەکیەکان, دۆخی ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان, ئەمنیەت, ڕووداوەکان, هەست بەسەلامەتی کردن, تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی, چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکان, پاراستنی تایبەت و بوونی ئاماژەکانی مەترسی دەگرێتەوە. هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو (ILA5) لە مانگی تەمموز و ئابی ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجامدرا و ٣,٨٥٢ شوێن گرتەوەکە بەلایەنی کەمەوە هەر شوێنێک ٥ خێزانی ئاوارە یان گەڕاوەی تادەگاتە ٧٨٤,٥٨٨ خێزانی گەڕاوە و ٢١٩,٧٦٥ خێزانی ئاوارەی ناوخۆی. شێوە و ژمارەکانیش ئەو شوێنانە نیشیاندەدەن کە ئاوارەکان یان گەڕاوەکان تیایاندا نیشتەجێن لەکاتی هەڵسەنگاندنەکە. هەرکاتێک لەڕووی کرداریەوە گونجابێت, داتایەکە بەگوێرەی ژمارەی خێزانە ئاوارە ناوخۆی و خێزانە گەڕاوەکانی ئەو شوێنە دەوڵەمەندکراوە, بۆ ئەوەی ئەنجامەکان لەسەر ئاستی ژمارەی دانیشتوان فراوانبکرێت. کۆکراوەی داتایەکانی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی پێنجەم و تەختەپێوانەی سەرەکی لەسەر ماڵپەڕی سەرەکی (پۆرتاڵ) تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) بڵاوکراوەتەوە و لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٠ەوە بەدەرستە لە [http://iraqdtm.iom. int/ILA5.aspx](http://iraqdtm.iom.int/ILA5.aspx)،[٤] ئەو ئەنجامانەی کە لەم ڕاپۆرتە خراونەتەڕوو, شیکاری ووردن لەسەر دۆخ و گوزەرانی ئاوارە ناوخۆییەکان.ئەنجامەکانی پەیوەست بە دۆخ و گوزەرانی گەڕاوەکان لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥-خستنەڕووێکی گشتی جموجۆڵەکانی گەڕانەوە بڵاودەکرێتەوە. بۆ زانینی ووردەکاری ڕێبازی ڕاپۆرت, بڕوانە: [http://iraqdtm.iom. int/ILA/Methodology](http://iraqdtm.iom.int/ILA/Methodology)

١ ژمارەی خەمڵێندراوی تەواوی دانیشتوانی عێراق بریتیبووە لە ٣٦٠٠٤٥٥٢ کەس لەساڵی ٢٠١٤, بەپێی ڕێکخراوی ناوەندی ئاماری عێراقی.

٢ شوێنەکانی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ بەبەکارهێنانی لیستی سەرەکی ئاوارەکان و گەڕاوەکانی ژمارە ١١٦ ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠ دەستنیشانکراون.

٣ سنووری شوێنەکان لەسەر بنەمای زانیارییپێدەرە سەرەکیەکان و زانیاری هەڵسەنگاندنی تیمەکانی هەڵسەنگان و بەدەمەوە هاتنی خێرا دەستنیشانکراون. ئەوەندی کرابێت لیستی شوێنەکان گونجێدنراوە و پشتڕاستکراوەتەوە لەگەڵ لایەنی دەسەڵات و کۆمەڵگە مرۆییەکان. هەرچەندە, لیستێکی بەفەرمی پەسندکراوی سەرانسەری شوێنەکانی وڵات و سنوورکانیان تا ئێستا بەردەست نییە.

٤ زۆربەی زانیاریەکان لەسەر ئاستی ناوچەیی/قەزایی خراونەتەڕوو, بۆ لیستی ئاوارەکان بە پێی ناوچەکان, بڕوانە خشتەی ٣ یەم, بەناوی دەرخەری سنوور و چوارچێوەی ئاوارەکان بە پێی قەزا سەرەکیەکان لە لاپەڕە ٢٢.

# پێناسەکان

ژمارەیەک ئاماژەدەرخەر و پێناسەی تەکنیکی بەکارهاتووە لەسەرانسەری پەڕەکانی زانیاری دروست, وەک لەخوارەوە باسکراوە و نیشاندراوە:

## ناوچەی دانیشتوان

| | |
|---|---|
| وەرگری زۆر | ئەو ناوچەی زیاتر لەڕێژەی ١٠٪ ی لەتێکڕای حاڵەتەکانی ئاوارەبوونی دەگرێتەخۆ. |
| وەرگری مامناوەند | ئەو ناوچەی ڕێژەی نێوان ٣ ٪ بۆ لە ١٠ ٪ تێکڕای حاڵەتەکانی ئاوارەبوونی ناوخۆ دەگرێتەخۆ. |
| وەرگری کەم | ئەو ناوچەی کەمتر لە ٣٪ ی تێکڕای حاڵەتەکانی ئاوارەبوونی ناوخۆ دەگرێتەخۆ |

## تێکڕای گۆڕان

تێکڕای گۆڕان بۆ تیشکخستنەسەر بەردەوامی و جێگیری ئاوارەبوون بەکاردێتلە نێوان (ILA ٥) لە (ئابی ٢٠٢٠) و (ILA ٤) لە (حوزەیرانی ٢٠١٩). تێکڕایەکە بە گۆڕانی ڕێژەی سەدی هەژمارکراوە لەنێوان هەڵسەنگاندنەکانی ئەو دانشتوانانەی ئاوارەبوون. لەوبارانەی کە ژمارەی خێزانە ئاوارانەی گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان کەمیکردووە, ڕێژە سەدیەکە بە نەرێنی دەرچووە.

### تێکڕای گۆڕان بە بەکارهێنانی ئەم پۆلانەی خوارەوە پۆلێنکراوە:

| | |
|---|---|
| جێگیر | ناوچەیەک کە تێکڕای گۆڕانی ژمارەی ئاوارە لە نێوان ٪ ٠ بۆ ٪-٩ یە ئەوا ئەوە دەردەخات کە ئاوارەکان یان هەرشوێنی ئاوارەبوونیان جێناهێڵن (یان زۆر بەهێواشی جێی دەهێڵن). |
| تاڕادەیەک جێگیر | ناوچەیەک کە تێکڕای گۆڕانی ژمارەی ئاوارەکانی لە نێوان ٪-١٠ بۆ ٪ -١٩ یە. |
| تاڕادەیەک گۆڕاو | ناوچەیەک کە تێکڕای گۆڕانی ژمارەی ئاوارەکانی لە نێوان ٪-٢٠ بۆ ٪ -٢٩ یە. |
| گۆڕاو | ناوچەیەک کە تێکڕای گۆڕانی ژمارەی ئاوارەکانی لە نێوان لە ٪-٣٠ بۆ سەرەوەیە, ئەوا ئەوە دەردەخات کە ئاوارەکان بەخێرای یان زۆر بە خێرای شوێنی ئاوارەبوونیان جێدەهێڵن. |

## ماوەی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| ئاوارەبوونی درێژەپێدراو | ئاوارەبوونێک کە پێش تەمموزی ساڵی ٢٠١٧ ڕوویداوە. |

## ناوچەی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| ناوچەی ناوەخۆیی ئاوارەبوون | ناوچەی ئاوارەبوون هەمان ناوچەی زێدی خۆیانە |

## زێد, ماوەی ئاوارەبوون و پێکهاتەی کەمەنەتەوەیی ئا ینی

| | |
|---|---|
| هەمەچەشن | ناوچەیەک کە زیاتر لە ٪٨٠ ی, یان زۆربەی ئاوارەکان لە بنەڕەتدا هی یەک ناوچەن و لە هەمان کات هەڵاتوون و سەر بەهەمان گروپی کەمەنەتەوەیی ئاینین. |
| تاڕادەیەک هەمەچەشن | ناوچەیەک کە لە ٪ ٥٠ ی بۆ لە ٪٨٠ ی ئاوارەکان لە بنەڕەتدا هی هەمان ناوچەن و لەهەمان کاتدا هەڵاتوون و سەربەهەمان گروپی کەمەنەتەوەیی ئاینین. |
| تێکەڵاو | ناوچەیەک کە هیچ گروپێکی زۆرینەی تێدا نییە بە پێی شوێنی زێد و ماوەی ئاوارەبوون و پێکهاتەی کەمەنەتەوەیی ئاینی. |

## دەستگەیشتن بە ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون پێرستێکی تێکەڵەی دروستکردووە بۆ باشتر تێگەیشتن لە دەستگەیشتن بە ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان.[٥] هەموو ئاماژەکان لەڕێگەی ژمارەی ئاوارەکان و گەڕاوەکان دەوڵەمەند کراون و ئەو ئاوارە و گەڕاوانە لە شوێنێک دەژین کە ڕاپۆرتەکان گیروگرفت و توندوتیژی و خراپی باروگوزەرانی ژیان لەو شوێنە دەردەخەن. ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی پێوەرێکی سێ خاڵی بۆ توندوتیژی زۆر خراپ, توندوتیژی مامناوەند لە ڕووی خراپیەوە و توندوتیژی کەم. بۆ ئەوەی لە هەڵسەنگاندنەکە بەپێی پێویست ڕەچاوی خزمەتگوزاریەکان بکەین, دەبوایە ئەو شوێنە بەلایەنی کەمەوە ١٣ لەو ١٧ بنەماو پێوەرانەی خوارەوەی تێدا بێت.

- **ئاو و کارەبا:** بەلایەنی کەمەوە دەبوو لە ٪٧٥ ی دەنیشتوانی ئەو شوێنە توڕی ئاو و کارەبای گشتیان پێبگات, لە ٪٧٥ یشیان ئاوی بەلوعەیان هەبێت.
- **قوتابخانەی سەرەتای و ناوەندی, نۆرینگی پزیشکی, نەخۆشخانە, مارکێت, بنکەی پۆلیس و شوێنەکانی پەرستشیان هەبێت:** ئەو خزمەتگوزاریانە هەبوون و لەکاردابوون لە دووری تەنیا ٥ کیلۆمەتر, نەخۆشخانەش لە دووری ١٠ کیلۆمەتر.
- **دادگا, نووسینگەکانی خزمەتگوزارییە یاساییەکانی وەکو نیشتەجێبوون, زەوی و موڵک و ماڵ, هەروەها نووسینگەکانی دابەشکردنی گشتی و بەڕێوەبەرایەتیە مەدەنیەکان:** ئەم خزمەتگوزاریانە هەبوون و لەکاردابوون.
- بەردەستبوونی تەوالێت, لابردنی خۆڵ و خاشاک, خزمەتگوزاری کۆکردنەوەی پاشماوەی زبڵ و کۆتانەکان بۆ کۆمەڵگە.

٥ زانیاری زیاتر لەسەر ژێرخان و پێکهاتەی خزمەتگوزاریەکان لە ئاوارەبوونی شاریی لە عێراق: شیکاری سەرەتایی پەڕەی زانیارییە ڕاستەکان بەردەستە لە http://iraqdtm.iom.int/DurableSolution

# ڕەوتی ئاوارەبوونەکان


لەوەتەی ئەیلولی ٢٠٢٠ەوە، نزیکەی ١،٣ یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار کەس تا ئێستاش لە ئاوارەیین، ئەمەش هاوتایە بە نزیکەی لەسەدا ٢٠٪ ی ژمارەی ئەو کەسانەی لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤ هەڵاتوون و دەربەدەربوون.

لەکاتێکدا چەندان خێزان لە ١٠٤ ناوچە لە سەرانسەری ١٨ پارێزگای عێراق لە ئاوارەیین، دابەشبوونیان زیاتر چڕبوونەوەی پێوەدیارە. زیاتر لە ٩٠٪ ی ئەو ئاوارانە لە ٢٩ ناوچەی جیاواز نیشتەجێن، لە ٨٠٪ شیان زۆر بەچڕی لە تەنیا لە ١٤ ناوچە دەژین هەروەها زیاترە

لە نیوەی ژمارەی ئاوارەکانی ئێستا تەنیا لە ٥ ناوچەکان دەژین، ئەوانیش: هەولێر لە ١٦٪، سومێل لە ١٣٪، موسل لە ١٠٪، زاخۆ لە ٨٪ و سلێمانی لە ٧٪، هەموو ئەمانەش، جگە لە موسل لە هەرێمی کوردستانی عێراقن.


| کۆی گشتی ئاوارەکان | تێکڕای گۆڕان (حوزەیران ٢٠١٩–ئاب ٢٠٢٠) | ماوەی ئاوارەبوون |
|---|---|---|
| ١،٢٩٩،٩٨٧ کەس<br>٢٢٥،٤٤٣ خێزان | -١٩٪<br>تاراددەیەک جێگیر | ٩١٪<br>زیاتر لە ٣ ساڵ (پێش تەمموزی ٢٠١٧) |

نەخشەی ١: دابەشبوونی ئاوارەکان



دەتوانرێت چڕبوونەوەی جوگرافی ئاوارەکان بەهۆی نزیکی ناوچەی ئاوارەبوونیان لە ناوچەی زێدی خۆیان و ئارەزووی ئەو ئاوارانە بۆ تێکەڵکردن و بە گروپکردنیان لەگەڵ ئەو کەسانەی تایبەتمەندی لێکنزیکیان هەیە ڕوونبکرێتەوە. کاتێک ناوچەکان شیکاردەکرێن بۆ دۆزینەوەی لێکچوون و لێکنزیکی، دەبینین کە نزیکەی نیوەیان دەکەونە بەرپۆلی هەمەچەشن یان تاڕادەیەک هەمەچەشن بە پێی شوێنی زێدبوونیان بێت، واتە، بەلایەنی کەمەوە نیوەی خێزانەکان تێکەڵ بە گروپێک کراون کە بنەڕەتدا نزیکەی لەسەدا ٦٠٪ ی خێزانەکان تێکەڵ بە کۆمەڵەیەک کراون کە هاوبەشن لە ماوەی ئاوارەبوون. واتە، بەلایەنی کەمەوە نزیکەی نیوەی ئەو خێزانانە دەگریتەوە کە بەیەکەوە لە هەمان کاتدا هەڵاتوون، (بڕوانە شێوە ٣ بۆ شەپۆڵەکانی ئاوارەبوون). زیاتر لە ٪ ٩٠ ی ناوچەکان هەمەچەشنن یان تاڕادەیەک هەمەچەشنن لەڕووی کەمەنەتەوەیی ئاینی، ئەمەش وەکو بەهێزترین خاڵی تێکەڵکردن و بەیەکەوە بوونیان دادەنرێت. ئەم هەمەچەشنبوونەش فاکتەرێکی زۆر سەرەکی بووە بۆ ڕێگربوونی ئاوارەکان لە گەڕانەوە، بەتایبەتی ئەگەر بەهۆی ململانێوە هەر گۆڕانکاریەک لە پێکهاتەی دانشتوانەکە ڕوویدات لە ناوچەی زێدی خۆیان.


شێوەی ١: هەمەچەشنی ناوچەکانی ئاوارەبوون




نزیکەی لەسەدا ٨٠ی کۆی گشتی ئاوارەکان هی ١٠ ناوچەن. بەرزترین ٤ ناوچەش لە نێویاندا لەپارێزگای نەینەوایە، ناوچەکانیش بریتین لە موسڵ لە ٢١٪، شنگال لە ١٩٪ و بەعاج لە ٨٩٪، تەلەعفەر لە٧٪، شوێنەکانی دیکەش کە ژمارەی ئاوارەبوونیان بەرزە بریتین لە: ڕومادی لە ٥٪، فەلوجە لە٤٪، لە پارێزگای ئەنبار، هەروەها حەویجە لە ٤٪ لە پارێزگای کەرکوک، دوز لە ٣٪ لە پارێزگای صلاح الدین، خانەقین لە٣٪ لەپارێزگای دیالە و ئەلموسەیب لە ٣٪ لەپارێزگای بابل.


نزیکەی زۆربەی ئاوارەکان لە ئاوارەبوونی درێژخایەنن لە ٩١٪، واتە، بۆ زیاتر لە ٣ ساڵ یان زیاتر ئاوارەبوون (پێش تەمموزی ٢٠١٧). ناوچەکانی دیکە کەمتر ژمارەی ئاوارەبوونی درێژ خایەنیان هەیە، ئەو ناوچانەش بریتین لە: موسڵ لە ٨٤٪، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و زاخۆ هەریەکێکیان ئەو ئاوارەیان وەرگرتووە کە لەبەر کۆتا هەڵمەت و هێرشەکانی سەر داعش هەڵاتوون لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧.

شێوەی ٢: ١٠ ناوچەی سەرەکیەکانی زێد (ژمارەی خێزانەکان و ڕێژەی سەدی لە کۆی گشتی حاڵەتەکانی ئاوارەبوون



## ماوەی ئاوارەبوون[٦]

شێوەی ٣: ماوەی ئاوارەبوون بە پێی ڕێژەی سەدی دانیشتوان




زۆربەی ئاوارە عەربە سوننەکان، لە٥٩٪ یان، بەیەکەوە بوونیان لەگەڵ خزم و کەسیان کەمیکردووە لەوەتەی ٢٠١٨ بە لە ٦٧٪. گروپەکانی دیکەی وەکو یەزیدیەکان بەتایبەتی، کە نزیکەی لە ٢٠٪ تێکڕای ژمارەی ئەو ئاوارانەن، لەوانیە ڕووبەڕووی زەحمەتی زیاتر بینەوە.[٧] زۆربەی یەزیدیەکات کە لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٨ هەڵاتن و دەربەدەربوون لە ناوچەکانی سێمێل و زاخۆ و شێخان و شوێنی دیکە کە هی ناوچەی شەنگاڵن نیشتەجێبوینە، کە زۆربەشیان لە بنەڕەتدا خەڵکی شنگال یان دەوروبەرین وەکو بەعاج.


## تێکڕای گۆڕان

بەبەراورد بە کاتەکانی پێشووی نێو هەڵسەنگاندنی یەکخراوی ٤ (ILA ٤) لە مانگی ئایاری ٢٠١٨ تاوەکو حوزەیرانی ٢٠١٩)دەگرێتەوە، ڕێژەی سەدی گۆڕان لەنێو ژمارەی ئاوارەکان ساڵ بە ساڵ بە جێگیری ماوەتەوە، تەنانەت کەمیشیکردوە بەنزیکەی ڕێژەی لە ٢٠٪.دۆخەکە بەردەوام گۆڕاو دەردەکەوێت، واتە، یان ناجێگیر یان تارادەیەک ناجێگیر، تەنیا لە یەک لەسەر سێی ئەو ٩٤ ناوچەیە، کە زۆربەی هی چوار پارێزگای ئەنبارو بەغدا و نەینەواو صلاح الدین.[٨]ئاوارەکان زۆر بەهێواشی شوێنی ئاوارەبوونیان لەپارێزگانی دیالە و کرکوک و پارێزگاکانی باشوور جێدەهێڵن. بەهەمانشێوە، ئاوارەبوون زۆر بەهێواشی لەکەمبوونەوەدایە لەهەرێمی کوردستان. هەروەها ئاوارەی تازە هاتووش تۆمارکراوە بەنزیکەی لە١٠٪ ئەو شوێنانە، ئەوانەش بەزۆری لە هەرسێ شوینەکانی چەمچەماڵ، هەولێر و هەڵەبجە. شەنگاڵ ژمارەی ئاوارەبوون بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە بە نزیکەی لە ٢٤٪ بە بەراورد بە حوزەیرانی ٢٠١٩، کە دەکاتە ٣١٠٠٠ کەس.

## ئاوارەبوونی ناوچەی ناوەخۆیی

بەکۆی گشتی، وادەخەمڵێندرێت کە لە ١٣٪ ئاوارەکان (نزیکەی ٢٩٠٠٠) خێزانن هەر ئاوارەی ناوچەکانی زێدی خۆیان بن. کە ئەو ناوچانەش هەردەکەونە چوارچێوەی ئەو ٩٤ ناوچەی ئاوارەبوونە لەسەرانسەری عێراق. ٣٠ لەو ناوچانە کەمتر لە ٢٠٪ ئاوارەبوون بۆ ناوچەی ناوخۆییان هەیە، ١٨ ناوچەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزی ئاوارەبوونی ناوچەی ناوخۆییان هەیە کە لە٤٠٪ بەرەوژوورە. ئەمەش ناوچەی فەلوجە لەپارێزگای ئەنبار لە ٤٦٪ی خێزانەکان دەگرێتەوە کە هەر ئاوارەی ناوچەکانی خۆیان بوون. ناوچەی ئەلموسەیب لە پارێزگای بابل لە ٩٩٪، خانەقین لە پارێزگای دیالە لە٦٥٪، موسڵ لە ٤٢٪ و تەلعفەر لە ٤٧٪ و تلکیف لە ٤١٪ لە پارێزگای نەینەوا دەگرێتەوە.لە سامەڕا لە ٤١٪ و دوز لە ٨٨٪ و لەپارێزگای صلاح الدین دەگرێتەوە. لە موسڵ ژمارەیەکی یەکجار زۆری گواستنەوە لەبەری ڕۆژئاوە بۆ بەری ڕۆژهەڵات شارەکە هەیە و خەڵک لە دەست وێرانکاری ڕادەکات.

شێوەی ٤: ڕێژەی سەدی ئاوارەکان بە پێی سەربە ئاینی کەمەنەتەوەیی بوون





٦ لەوەتەی کانوونی دووەم ی ساڵی ٢٠١٤ەوە، گواستنەوەیەکی زۆری دانیشتوان ڕوویداوە بە چەند قۆناغێک، ئەمەش وەکو دەرئەنجامەکانی هاتنی داعش، ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بۆ وەرگرتنەوە و کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی دەعش بوو، یان دەرئەنجامی هەردووکیان بووە. تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون بە شێوەیەکی سادە و ئاسایی دەستنیشانی ١٠ کاتی شەپۆل دەکات کە پەیوەستن بەڕووداوە سەرەکیەکان و بوونتەهۆی ئاوارەبوون.


٧ زیادبوونێکی زۆریش لە ئاوارەبوونی یەزیدیەکان ڕوویدا کە لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ ی لەسەدای ژمارەیان دەبێت لە نێوان ٢٠١٩ بۆ ٢٠٢٠ بۆ ئەو ڕاستیە دەگەڕێتەوە کە لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ٥ (ILA ٥) کە بۆیەکەمجار دانیشتوانی کەمپەکانیش تۆمارکرابوون و زۆربەی یەزیدیەکانیش لە کامپەکان. بڕوانە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ٥ (ILA ٥) بۆ بینینی پەری زانیاریە ڕاستەکان خراوە ڕووەکان.

٨ لەهەندێک حاڵەتدا,دەکرێت بەردەوامی دۆخەکە بە بەشێک لە پرۆسەکە چەسپاندن و داخستنی کامپەکانی ئاوارەکان ببەسترێتەوە، هەروەکو دەستپێشخەری بۆ کراوە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە لە ٢٠١٩ دا.

نەخشەی ٢: تێکڕای گۆڕان



نەخشەی ٣: ناوچەی ناوخۆیی ئاوارەبوون




# بارودۆخی ناوچەکانی ئاواربوون

شێوەی ٥: جۆری شوێنەکان




شێوەی ٦: ڕێژەی سەدی ئاوارەکان بەپێی هەرجۆرە شوێنێک



# دۆخی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان

لەسەرانسەری وڵات، نزیکەی نیوەی شوێنەکانی ئاوارەبوون بەپێی پێویست خزمەتگوزاری و کارئاسانیان بۆ نەکراوە (بەلایەنی کەمەوە ١٣ خزمەتگوزاری لەو ١٧ خزمەتگوزاریانەی خوارەوە تێدابێت کە بۆ هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری هەڵبژێردراوە).

هەرچەندە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان بارودۆخی ناوچە شارییەکان و ناوچەکانی دەوروبەری شار (کەلەناوچە شارییەکان زۆربەی خزمەتگوزارییەکان دابینکراون) لەوکاتەی لە کامپەکان و ناوچە لادێیەکان کە تیایاندا بەردەستبوونی خزمەتگوزاریەکان بەردەوام نییە.[9] سەرەڕای ئەوەش، هەبوونی دادگا، بەڕێوەبەرایەتیە مەدەنیەکان، پرۆگرامەکانی خانووزەوی و مۆڵک و ماڵ، نووسینگەکانی سیستەمی دابەشکردنی گشتی و قوتابخانەی ناوەندی و نەخۆشخانە بەردەستبوون و دەست پێگەیشتنیان پڕ ئاڵنگاری و بەربەرستە لە هەردوو شوێنەکانی ئاوارەبوونی ناو کامپ و ئاوارەبوونی شوێنە لادێیەکان. بە تێکڕا، لە کۆی ئەو ٩٤ شوێنەی ئاوارەبوون، زۆربەیان لە بارودۆخێکی دژواردان، بەومانایەی کە دابینکردنی بڕی پێویستی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان لە کەمتر لە ٪٣٠ ئەو شوێنانەدا هەیە. ئەو شوێنانەش بریتین لە ناوچەکانی ئەلموسەیب، فەلوجە، شنگال، دوز، حەمدانیە، چەمچەماڵ، مخمور و نەجەف دەگرێتەوە. لە چوار ناوچەی یەکەم، ئاوارەکان ئەو پەڕی دەستیان بە ٨ خزمەتگوزاری لە کۆی ١٧ خزمەتگوزارییەی هەڵبژێردراو دەگات و کارئاسانیش لە تەنیا لە نیوەی ئەو شوێنانەدا هەیە.[10]

خشتەی ١: ژێرخان و خزمەتگوزاری بەپێی جۆری شوێن


| | دابینکردنی بڕی پێویستی خزمەتگوزارییەکان[11] | کارەبا | ئاو | پاشماوە | تەوالێت | خۆڵ و خاشاک |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کامپ | ٪٣٨ | ٪٨١ | ٪٦٧ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪٧٤ |
| شارودەوروبەری | ٪٦٨ | ٪٦٨ | ٪٧٦ | ٪٩١ | ٪١٠٠ | ٪٦٨ |
| لادێی | ٪٢٦ | ٪٦٣ | ٪٦٣ | ٪٦٥ | ٪٩٩ | ٪٤٠ |
| **کۆی گشتی** | **٪٥٧** | **٪٦٧** | **٪٧٣** | **٪٨٩** | **٪١٠٠** | **٪٦٢** |
| | **کوتان** | **قوتابخانەی سەرەتایی** | **قوتابخانەی ناوەندی** | **نۆرینگە** | **نەخۆشخانە** | **مارکێت** |
| کامپ | ٪٩٥ | ٪٩٥ | ٪٧٩ | ٪٩٥ | ٪٣٦ | ٪٩٥ |
| شارودەوروبەری | ٪٩٤ | ٪٩٨ | ٪٩٦ | ٪٩٦ | ٪٧٩ | ٪٩٨ |
| لادێی | ٪٨٣ | ٪٩٠ | ٪٦٨ | ٪٦٤ | ٪٣٣ | ٪٧٨ |
| **کۆی گشتی** | **٪٩١** | **٪٩٦** | **٪٨٩** | **٪٨٨** | **٪٦٧** | **٪٩٣** |
| | **پەرستگە** | **بنکەی پۆلیس** | **دادگا** | **پرۆگرامی خانوو و زەوی و مۆڵک ماڵ** | **نووسینگەکانی سیستەمی دابەشکردنی گشتی** | **بەڕێوەبەرایەتیە مەدەنیەکان** |
| کامپ | ٪٦٤ | ٪٧٩ | ٪٤٥ | ٪٧ | ٪١٤ | ٪٥٧ |
| شارودەوروبەری | ٪٩٨ | ٪٩٢ | ٪٦٩ | ٪٢٠ | ٪٢٧ | ٪٤٨ |
| لادێی | ٪٩٢ | ٪٥٣ | ٪٤٩ | ٪١٠ | ٪١٨ | ٪٥١ |
| **کۆی گشتی** | **٪٩٦** | **٪٨٣** | **٪٦٤** | **٪١٨** | **٪٢٥** | **٪٤٩** |

٩ ئەو خزمەتگوزاریانەی بەدەرن لەو خزمەتگوزاریانەی کە لەلایەن پرۆگرامی خانوو و زەوی و مۆڵک ماڵ و و نووسینگەکانی سیستەمی دابەشکردنی گشتیین دابینکراون.

١٠ هەرچەندە لەوانەیە ئەو خزمەتگوزاری و کارئاسانیانە لە هەموو ئەو ناوچانە بەردەست نەبن، لەگەڵ ئەوەشدا لەزۆربەی حاڵەتەکان ئاوارەکان دەتوانن دەستیان پێبگات لەو شوێنانەی کە لێی دەژین.

١١ ڕێژەی ئەو ١٣ خزمەتگوزارییە لە کۆی ئەو ١٧ خزمەتگوزاریانەی کە لە شوێنەکە هەڵسەنگاندنیان بۆکراوە.

نەخشەی ٤: دۆخی دابینکردنی بڕی پێویستی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان[١٢]





١٢ ڕێژە سەدی شوێنەکان بریتین لە ڕێژەی ئەو ١٣ خزمەتگوزارییەی لە کۆی ئەو ١٧ خزمەتگوزاریانەی کە لە شوێنەکە هەلسەنگاندنیان بۆکراوە.


## جەخت خستنەسەر کێشە و گرفتەکانی ئاو

بە نزیکەی یەک لەسەر چواری شوێنەکان, کەدەکاتە کەمتر لە٧٥٪ی دانیشتیوانی ئەو شوێنانە بە پێی پێویست دەستیان بە ئاوی خواردنەوە دەگات, دانیشتوان ڕووبەڕووی کێشەکانی پەیوەست بە ئاو دەبنەوە, وەکو تام, ڕەنگ و بۆنی, بۆیە دەبێت پشت بە ئاوی تانکر ببەستن. ئەو شوێنە بەرچاوانەشی کە تیایاندا ئاستی دابینکردنی ئاو زۆر دەکەوێتە خوار ئاستی ئاساییەوە, بریتین لە ئەلموسەیب, بەعقوبە, فەلوجە, نەجەف, شنگال, دوز. تەنانەت لە بەعقوبە و فەلوجە دوز ئاوی خواردنەوە وەکو یەکێک لە ٣ سەرەکیترین پێداویستیەکان باس دەکرا لە ٣١٪ بۆ ٪ ٤١ ئەو شوێنانەدا. لە ئەلموسەیب و شنگال خێزانەکان پشت بە ئاوی تانکر دەبەستن لە ٧٤٪ شوێنەکانیان.

شێوەی ٧: ڕێژەی سەدی ئەو ئاوارانەی ڕووبەڕووی کێشە و گرفتەکانی ئاو بوونەتەوە





نەخشەی ٥: بڕی ئاوی تەواو




## کێشە و گرفتەکانی زەوی وزار لە شوێنە لادێییەکان

شوێنە لادێییەکان (کە لە٪٢٣ شوێنەکانە)بە نزیکەی ڕێژەی لە ١٠٪ کۆی ئاوارەکان دەگرنە خۆ. لەڕاپۆرتەکەداهاتووە کە تەقریبەن لە زۆربەی هەرە زۆری شوێنە لادێیەکان دەستیان بە زەویە کشتوکاڵیەکان دەگاتە کە لە ٩٦٪ ,ە زەوی لەوەڕاندنی ئاژەل کە لە٪٩٥ە, شوێنی هەڵگرتنی دانەوێڵە بەلە ٩٦٪ە. ئاودان و ئاوگەیاندن تارادیە کەمتر بەربەستدار و تەنیا لە ٨٪ی ئەو شوێنە لادێییانە کەمی ئاو هەیە. کەمی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی و زەوی لەوەڕاندنی ئاژەل پەیوەستە بە نەبوونی پارە و دەستی کار, نەوەکو پیسبوون و تێکچوونی ئەو زەویانە, ئەمەش بەشێوەیەکی بەربڵاو لەڕاپۆرتەکاندا بەدیدەکرێت لە هەموو ناوچەکان, تەنانەت بە ناوچە لادێکانی پارێزگاکانی بەغدا و کەربەلا شوەە.

شێوەی ٨: ئاستی بەردەستبوونی سەلامەت و شیاو بۆ خزمەتگوزاریە کشتوکاڵیەکان بەپێی ڕێژەی سەدی شوێنە لادێیەکان.





نەخشەی ٦: ڕێژەی سەدی شوێنە لادێییەکانی ناوچەکانی ئاوارەبوون



## سەلامەتی و ئەمنیەت

بەگشتی، خەڵکانی ئاوارە هەست بە جێگیربوونی دۆخێکی ئەمنی دەکەن. ڕاپۆرتەکە باسی کێشە و گرفتە ئەمنی و تەنانەت تاوانی بچوکیش دەکات لە ١٠٪ ی شوێنەکان، بەزۆریش لە ناوچەکانی کەرخ ، شنگال، دوز و سامارا. بە شێوەیەکی گشتی، تاوانی بچوک زیاتر لە ناوچە شارییەکان ئەگەری ڕوودانی هەیە بەرێژەی لە٢٨٪، لەوکاتەی ڕاپۆرتەکە بەزۆری باسی نیگەرانی سەرهەڵدانەوەی داعش لە هەردوو ناوچە لادێی و شارییەکان وەکو یەک نییە بەرێژەی لە٢١٪، بەتایبەتی لە فەلوجە، شنگال و دوز. ژمارەکان ئەوە دەردەخەن کە لە ٧٠٪ ی شوێنەکانی ئەو ناوچانە ئەو ئەگەرە لەئارادایە.[١٣] ڕاپۆرتەکە زیاتر باسی سنووردارکرن و جموجۆڵ و هاتوچۆ دەکات لە نێوان ئاوارەکانی کامپەکان و ئاوارەکانی ناوچە شارییەکان. بۆ ئاوارەکانی کامپ، نەبوونی بەڵگەنامە هۆی سەرەکی ئەو سنووردارکردنەی جموجۆڵ و هاتوچۆیە. هەروەها ڕاپۆرتەکە بەزۆری دەربارەی کەرستە و تەقەمەنی تەقینەوە و مینرێژکردن دەکات لە ناوچە لادێیەکان بە ڕێژەی لە٤٪، زۆربەشیان لە خانەقین. بەڵکو نیگەرانیەکانی سەبارەت بە لەناوچە لادێیەکان بەربڵاوترە.


شێوەی ٩: نیگەرانیە ئەمنیەکان بەپێی جۆری شوێن




## ئاشتەوایی و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی

بەشێوەیەکی گشتی وادەردەکەوێت کە تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی جێگیرە لەڕووی ڕووداو و هەڕەشە و باوەڕ بەیەکترنەبوون لە نێوان ئەو کەسانەی کە لەشوێن خۆیان مابوونەوە و ئاوارەنەبوون، ئاوارەکان و گەڕاوەکانیش، ئەمەش وەک لە ڕاپۆرتەکەدا باسکراوە لە کەمتر لە ٥٪ ی شوێنەکان هەیە، بەزۆریش لە ناوچەکانی ئەلموسەیب، کەرخ، کەربەلا، سامەڕا، شنگال، تکریت و دوزە.[١٤] نەبوونی نوێنەرایەتی حزبی لە ٢٧٪ ی شوێنەکانە و ڕاپۆرتەکە باسی ڕێژەی لە١٠٪ ی کەنارگیری و پەراوێزخستنی ئاوارەکان دەکات. پێناچێت دۆخی ئاوارەکان کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر دەرفەتی خستنەسەرکار و مووچە و هەلومەرجەکانی کارکردن هەبێت. جگە لە شنگال و تەلاعفەر و دوز نەبێت، کە تیایاندا ئاوارەکان هیچ سکاڵایەکیان دەربارەی تۆڵەسەندنەوە و گرژی کەمەنەتەوەیی ئاینی نەبووە. حاڵەتەکانی بەزۆر دەرکرن زۆر دەگمەن بووە، لە١٪ بە کۆی گشتی، ئەوانیش لە موسڵ، شنگال و زاخۆ بونە.

شێوەی ١٠: کێشە و گرفتەکانی ئاشتەوایی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە پێی شوێن




١٣ لەوەتەی کۆتایهاتنی هێرەشەکانی سەر داعش لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ەوە، داعش بەردەوام بەشێوەیەکی پچڕپچڕ مەترسی شەڕو ئاڵۆزی لە تەواوی عێراق. لە ناوچەگەلێکی گرنگی وەکو ئەنبار کە هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی سوریا، هەروەها لە بەرزایەکانی نێوان پارێزگاکانی صلاح الدین، دیالە، کەرکوک و نەینەوا هەبوون. بەگشتیش لەو شوێنانە هەن کە حکومەت تیایاندا دەسەڵاتێکی باڵادەستی ئەوتۆی نییە، وەکو ناوچە کێشە لەسەرەکان و ئەو ناوچانەی کە جۆرێک لە حوکمی عەشیرەتگەریان تێدایە لەوپارێزگایانە. ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە ڕووداوی ئەمنی دەکات لەو شوێنانەدا و هەروەها باسی پێکهێنانی گروپی چەکداری و کردەکانی ڕفاندن دەکەن، وەکو بەڵگەی ئەو کاروکردەوانەش، سەیری لێدوان و زانیاریە ئەمنیەکانی یۆنامی بکە.


١٤ هەرچەندە ئەنجامەکانی ئەم کارە هاوتەریبە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشووتر، پێوانەکردنی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی زۆر زەحمەتە و زۆربەی جار ڕاپۆرتەکان بە پێی پێویست باسی ناکەن. هۆکارەکانی پشت گیروگرفتەکانی پەیوەست بە ئاڵۆزی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی تەنیا پەیوەندی بە هەبوونی داعش، بەڵکو ڕەگ و ریشە و هۆکارەکانی ئەو ململانێیانە زۆر قوڵترە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە. سەیری هۆکارەکانی مانەوە و دابەشکردنی ئاوارەبوونی درێژخایەن بکە لە عێراق، لە تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق، هەروەها سەیری گروپی کاری گەڕانەوە و پرسی کۆمەڵایەتی بکە لە مانگی تسرینی دووەمی ٢٠١٨ کە بەردەستە لە:

http://iraqdtm.iom.int/LastDTMRound/IOM%20RWG%20 SI%20Categorizing%20Protracted%20Displacement%20in%20Iraq_November%202018.pdf

## بارو گوزەرانی ژیان

زۆربەی ئاوارەکان لە شوێنی حەوانەوەی کرێدا دەژین کە دۆخێکی باشی بۆ حەوانەوە و گوزەرکردن هەیە (لە ٦٠٪ی شوێنەکانی ئاوارەکان بە هەی ناو کامپ و دەرەوەی کامپەوە). سەرەڕای ئەوەش, لە ١٤٪ شوێنەکانی ئاوارەبوون, زیاتر لەنیوەی خانووەکانی پێویستیان بەچاککردن هەیە بۆ دڵنیابوونەوە لە پاراستنیان لە هەرباردۆخێک کە بەهۆی کەش و هەواوە دروست بێت, بەڕێژەی لە ١١٪, تایبەتی شکۆداری بە لە ٣٪ وسەلامەتی و ئەمنیەت بە لە ١٪ لەگەڵ ئەوانەشدا, یەک لەسەر دەی خێزانە ئاوارەکان لە شوێنێکی حەوانەوە دەژین کە ئەوەندی ڕێژەی لە ٢٥٪ ی شوێنە لادێیەکان و ئەوەندەی ڕێژە لە ٥٠٪ی شوێنەکانی فەلوجە و سامەڕا باشە.[15] تەنیا لە ١٪ ی ئەو خێزانە ئاوارانە شوێنی حەوانەوەی خۆیان هەیە و تیایدا دەژین, کە زۆربەی ئەو خێزانانەش لە شوێنەکانی پارێزگاکانی نەجەف و کەربەلان. لە هەردوو پارێزگاش چاوەڕواندەکرێت ئاوارەکان لەماوەیەکی درێژخایەن دا بگەڕێندرێنەوە و دووبارە نیشتەجێبکرێنەوە. نەبوونی دەرفەتی کارو کاسبی پەیداکردنی بژێوی ژیان, بەردەوام یەکێک بووە لە کێشە زۆر بەپەلەکان و کاریگەری کردۆتە سەر بارو گوزەرانی ئاوارەکان. زۆربەی ئاوارەکان لە نزیکەی نیوەی شوێنەکانی ئاوارەبوون کاردەکەن, هەرچەندە, لەناوچەکانی حەمدانیە, شێخان, شنگال و تەلاعفەر ئاوارەکان کەمتر لە ١٠٪ی شوێنەکان کاردەکەن. نەبوونی بەڵگەنامە بەشێوەیەکی بەرچاو لە نێو ئاوارەکانی کامپەکان تۆمارکراوە کە لە ٢١٪ و نیشتەجێی ناوچەکانی حەمدانیە و پارێزگای سلێمانین. نزیکەی لە١٠٪ی شوێنەکان لە فەلوجە و نەجەف زانیاریپێدەرەکان باسی ئەوە دەکەن کە زۆربەی ئاوارەکان توانای دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی ڕۆژانەیان نییە و پێویستیەکی زۆریان بە خۆراک هەیە.[16]

شێوەی ١١: بارو گوزەرانی ژیان بەپێی جۆری شوێ





## خواست و ویست و بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە

ئاوارەکانی نیشتەجێی شارەکان کەمترینیان بڕیاری گەڕانەوەیان نەداوە کە دەکاتە ٢٢٪, و ئەوانەشی بڕیاری گەڕانەوەیان داوە دەگاتە لە ٦٣٪, کە ئەم ڕێژانە بەبەراورد بە ئاوارەکانی نیشتەجێی لادێکان, لە ٣٣٪ی ئاوارەکانی نیشتەجێی لادێیەکان تا ئێستا بڕیاری گەڕانەوەیان نەداوە و ئەوانەشی بڕیاری گەڕانەوەو نیشتەجێبوونەوەی هەمیشەییان داوە دەگاتە لە ١٥٪. هەرچی ئاوارەکانی نیشتەجێی کامپن بەئەگەری زۆرەوە مانەوە بۆ ماوەیەکی کورت هەڵدەبژێرن و دەچنە شوێنێکی دیکە جا چ لەناوە یان دەرەوەی عێراق بێت ڕێژەشیان دەگاتە لە١٤٪.

شێوەی ١٢: خواستی گەڕانەوە لەماوەیەکی کورت (کەمتر لە ٦ مانگ)




شێوەی ١٣: خواستی گەڕانەوە لەماوەیەکی درێژ (٦ مانگ یان زیاتر)




15 شوێنی حەوانەی زۆر خراپ بریتیە لە نیشتەجێبوونە نا فەرمییەکان, کە پێکهاتووە لە خێمە و شوێنی حەوانەی کاتی و ئەو شوێنانەی کە زێدی خۆیانن, بەڵام زۆر ڕووخاون, بینا بەناتەواوی بەجێهێڵدراوەکان, شوێنە نا ئاسایەکانی نیشتەجێبوون وەکو قوتابخانە و بینای شوێنە ئاینیەکان.

16 ئەو پرسیارەی لە هەڵسەنگاندنەکە ئاراستە کرابوو (گرنگترین ئەو پێداویستانەی کە بۆ ئاوارەکان دابین نەکراون چین لەم شوێنە؟ و زانیاریپێدەری سەرەکی ڕێگەی پێدرابوو کە تا ٣ لەو پێداویستیانە هەڵبژێرێت).

لەوشوێنانەی کە زۆربەی خێزانە ئاوارەکان ئارەزووی گەڕانەوە دەکەن, ئەو بەربەستە سەرەکیانەی کە لەڕاپۆرتەکان باسکراوە بریتیە لە خاپووربوونی خانوو بە ڕێژەی لە٪٧١.[١٧] هەرچەندە, ئاوارەکانی نیشتەجێی شار بەئەگەری زۆرەوە نەبوونی دەرفەتی کارکردن بە بەربەستی سەرەکی بەردەم گەڕانەوەیان دەزانن بە ڕێژیە لە٪٧٥ یان, هەرچی ئاوارەی نیشتەجێی لادێیەکانن لە ٪٤٨ ئەوە بە بەربەست دەزانن. بە گشتی لە ڕاپۆرتەکە دا ئەوە هاتووە کە خواست و ویستی گەڕانەوە زۆر کەمە, بەڕێژە کەمتر لە٪٤٠, لەنێو ئاوارەکانی نیشتەجێی ١٠ ناوچەی وەکو ئاکرێ, شێخان, داقوق, دهۆک, فەلوجە, کەرخ, کەربەلا, مخموور, نەجەف و سمێلن. هەرچەند, بەربڵاوی خواست و ویستی گەڕانەوە لەگەڵ ئارەزووی نیشتەجێبوون لە شوێنێکی دیکە هاوئاست نییە, کە ئەو ئارەزووە زۆر بەرزە لە کەرخ و کەربەلاو مخموور. لەبری ئەوە, واپێدەچێت کە ئەو ئاوارانەی ئەو ناوچانە دڕکیان بە ناسەقامگیری ئەمنی کردبێت لەو شوێنانەی زێدی خۆیان, ئەمەش وایکردووە کە خێزانە ئاوارەکان نەتوانن خواست و ویستی گەڕانەوەیان هەبێت و ئەو بڕیارە بدەن, یان ئەو بڕیارەیان دوابخەن. سەرەڕای ئەمانەش, ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی ئاوارەکان کێشەیە لە پارێزگایەکی وەکو بابل بە ناوچەکانی خانەقین, سامەڕاو تەلعفەریشەوە,لەوانەیە ئەمەش هۆکاری ئەو ڕێژە بەرزەی ئاوارەبوونی ناوچەی خۆجێی ڕوونبکاتەوە, (وەکو حاڵەتەکانی ئاوارەبوونی ناوچەی خۆجێی پارێزگای بابل).

خشتەی ٢: بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان بۆ ئەو خێزانانەی حەزدەکەن بگەڕێنەوە


| | ئەو خانووانەی لە زێدی خۆیان ڕووخاون یان خاپووربوون | نەبوونی دەرفەتی کار لە زێدی خۆیان | نەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان لە زێدی خۆیان | نەبوونی هۆیەکانی گەڕاندنەوە و دەستپێکردنەوە | ناسەقامگیری ئەمنی لەزێدی خۆیان |
|---|---|---|---|---|---|
| کامپ | ٪٧٨ | ٪٢٢ | ٪٦٣ | ٪٤٠ | ٪٥٨ |
| شارو دەوروبەری | ٪٦٨ | ٪٧٥ | ٪٣٤ | ٪٣٤ | ٪٢٧ |
| لادێی | ٪٨٤ | ٪٤٨ | ٪٤٥ | ٪٢١ | ٪٣٠ |
| **کۆی گشتی** | **٪٧١** | **٪٦٢** | **٪٤١** | **٪٣٥** | **٪٣٤** |
| | بارشتربوونی بارو گوزەرانی ژیان لە زێدی خۆیان | ڕێگریەکانی بەردەم گەڕانەوە | ترسی لەدەستچوونی هاوکاریە مرۆییەکان | اسنووردارکردنی هاتوچۆ و نەبوونی بەڵگەنامەی ئەمنی | تەقەمەنیە نەتەقیوەکان لە زێدی خۆیان |
| کامپ | ٪٠ | ٪٧ | ٪١٤ | ٪١٤ | ٪٠ |
| شارو دەوروبەری | ٪٢٣ | ٪٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢ |
| لادێی | ٪٢٠ | ٪١٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٤ |
| **کۆی گشتی** | **٪١٧** | **٪٧** | **٪٣** | **٪٣** | **٪٥** |
| | تۆمارکردنی منداڵان لەقوتابخانەکانی زێدی خۆیان | داگیرکردنی خانوو لە زێدی خۆیان | ڕووخان/دزینی کەل و پەلی خێزانەکان | ترسی گۆڕینی پێکهاتەی کەمەنەتەوەی ئاینی لە زێدی خۆیان | نەگەڕانەوەی ناڕاستەوخۆی خێزان و کەسوکارەکانیان |
| کامپ | ٪٠ | ٪٥ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ |
| شارو دەوروبەری | ٪٢ | ٪١ | ٪٢ | ٪١ | ٪٠,٢ |
| لادێی | ٪١ | ٪٢ | ٪٢ | ٪٤ | ٪٠,٥ |
| **کۆی گشتی** | **٪٢** | **٪٢** | **٪١** | **٪١** | **٪٠,٢** |

١٧ لەوشوێنانەی کە خواستی گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان لە نێو خێزانەکان بەرزە, داوا لە زانیارییپێدەرە سەرەکیەکان کراوە کە سێ هۆکاری سەرەکی بۆ گەڕانەوە هەڵبژێرن. داتایەکە بە وەرگرتنی ژمارەی ئەو ئاوارانەی لەو شوێنانە دەژین دەوڵەمەندکراوە.

## پێداویستیە سەرەکیەکان[١٨]

دەستگەیشتن بە دەرفەتی کارکردن بەردەوام پێویستیەکی سەرەکی ئاوارەکان بووە بەبێ لەبەرچاوگرتنی جۆری شوین و نیشتەجێبوونی جوگرافی. هەربەپێی ڕاپۆرتەکان تەندروستی پێویستیەکی دیکە بووە بە ڕێژەی لە٤٥٪ لە تەواوی شوێنەکان, بەتایبەتیش لە نێو ئاوارەکانی کامپەکان کە ڕێژەکە دەگاتە لە ٦٠٪ کە بەدەست بەرزی نرخ و قەرەباڵغی و خواستی زۆر لەسەر خزمەتگوزاریەکان دەناڵێنن و دۆخەکەی خراپتر کردووە لەوەتەی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ وەو, ئەمەش بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆفیدە١٩). زۆربەی ڕاپۆرتەکان باس لە کێشە تەندروستیەکان دەکەن لە پارێزگای دهۆک کە تیایدا تەندروستی پێداویستیەکی هەرە لەپێشینەیە لە تەواوی ناوچەکانیەوە. بەتێکڕا, ئاوارەکانی کامپ زیاتر پێویستیان بە ئاوی خواردنەوەیە بەڕێژە لە٢١٪, ئەو ناوچانەشی کە خراپن لەڕووی ئاوی خواردنەوەوە بریتیە لە: بەعاج, حەویجە, هاترە و دوز. ڕاپۆرتەکان باسی دەستگەیشتن و بەردەستبوونی خۆراک لە لە٢٦٪ شوێنەکان دەکەن وەکو پێداویستی یەکەم لە هەموو ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی. بەشداریکردنی یەکسان لەکاروباری گشتی تەنیا لەنێو ئاوارەکانی بایژی, باڵاد و شنگاڵ دا هەیە. پێویست نەبوون بە هیچ شتێک لە تەنیا لە کەمتر لە٥٪ی شوێنەکان تۆمارکراوە لە سەرانسەری وڵات.

شێوەی ١٤: ڕاپۆرتی پێداویستیە سەرەکیەکانی ئاوارەکان بەپێی شوێن





١٨ داوا لە زانیارییپێدەرە سەرەکیەکان کراوە کە سێ هۆکاری سەرەکی بۆ گەڕانەوە هەڵبژێرن. داتایەکە بە وەرگرتنی ژمارەی ئەو ئاوارانەی لەو شوێنانە دەژین دەوڵەمەند کراوە.

## جەخت خستنەسەر خوێندن

